# لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربونیان

**شەمۆڵ ئاشین صابر [١]، بەهات عبدالرزاق سعید [٢]**

[١] پەیمانگای هەیبەت سوڵتانی ناحکومی/ کۆیە- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربونیان بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) توێژەران پشتیان بەستووە بە ڕێبازی وەسفی(پەیوەندی) کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبو لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە و نمونەی توێژینەوەکە بریتیبو لە (250) خوێندکار لە بەشە جیاوازەکانی فاکەڵتیی پەروەردە کە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردران لەهەردو ڕەگەز, بۆ هەر گۆڕاوێك پێوانەی بەکارهێنا پێوانەی یەکەم بۆ لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا پێکهاتبولە فۆرمێکی ڕاپرسی لە (46) برگە کە لە سەرچاوەی (فرحاوي 2019) وەرگیراوە بە زمانی عەرەبی, دواتر پێوانەی دووەم بۆ پاڵنەری فێربون کە پێکهاتبو لە (22) برگە کە لەسەرچاوەی (حمد 2020) بە زمانی کوردی وەرگیرا, دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان و دواتر دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی بۆ پێوانەکان دوای ئامادە بونی هەردو پێوانەکە توێژەران فۆرمەکانیان بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکرد و جێبەجێکرا, پاش گەڕانەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەی داتاکان بە سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەی ئاماری (spss), ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بو لە ئاستی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایان بە گوێرەی ڕەهەندەکانی (پلاندانا و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن) بەڵگەداری ئاماریی بو هەروەها لە زانینی ئاستی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایان  بە گوێرەی ڕەگەز دەرکەوت بە گوێرەی هەردو ڕەگەزی نێرو مێ بەڵگەداری ئاماری بو, هەروەها لە زانینی ئاستی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایان و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربوون بەڵگەداری ئاماری بو,  لەکۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتن بەکۆمەڵێك ئەجام و پێشنیاز, بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە  و توێژینەوە هاوشێوەکانی دواتر..

**وشە سەرەکییەکان:** لێهاتویی وانەوتنەوە، خوێندکارانی زانکۆ،پاڵنەری فێربوون, فاکەڵتی پەروەردە، شیکردنەوەی زانیاری

## پێشەکی

پرۆسەی وانەوتنەوە ڕودانی گۆڕانکاری ویستراوە لە ڕەفتاری خوێندکاردا و بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفەو لێهاتویی و ئاراستە و بەهای خواستراوە لای خوێندکار، لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە فێرکارییانە کە هەوڵدەدات گۆڕانی ویستراو لە ڕەفتاردا بکات، پێویستە مامۆستا گواستنەوەی ئەم مەعریفەیەو زانیاریە داواکراوانە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ئەنجام بدات، کە جێگەی گرنگی پێدانی خوێندکار و ئارەزووەکانی بێت و پاڵنەربێت بۆ فێربون، هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خوێندکارو خاسیەتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ژیری و جەستەییەکانی.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ نیسان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٨ نیسان ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ ئادار ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: shamol.746705@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ شەمۆڵ ئاشین صابر، بەهات عبدالرزاق سعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

### 1-1 کێشەی توێژینەوەکە

لێهاتویەکانی وانەوتنەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن کە پێویستە مامۆستا کۆمەڵێك تواناو کارامەیی بۆ وتنەوەی وانەکانی بەشێوەیەکی پەروەردەییانە هەبێت، کە بتوانێت کەشێکی لەبار و سەرنج ڕاکێش بۆ فێربونی خوێندکاران دور لە توندو تیژی و لەسەر بنەمای گیانی هاوکاری و ڕێزگرتن لە یەکتری  دروست بکات، توێژەران بەپێی ئەزمونی خۆیان لەبواری وانەوتنەوەدا لە ناو زانکۆ سەرنجی ئەوەیاندا کە بە پێی پێویست مامۆستایان بەگشتی گرنگی نادەن بەلێهاتویەکانی وانەوتنەوە کە پێکهاتووە لە پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن هەروەها جۆری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئەو ڕێگایانە هەڵنابژێرن کە ڕۆڵی خوێندکار لەناو پۆلدا چالاك بێت, بۆیە دەبینین بیرکردنەوەو بەشداریکردن لەلایەن خوێندکاران چەقی بەستوە بەهۆی ئەو ڕێگا کۆنەی(کلاسیکە)ی کە مامۆستایان پەیڕەوی دەکەن کە خۆیان وانەکە دەڵێنەوە و هیچ دەرفەتێك بە خوێندکاران نادەن بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و بەدوای وەڵامی ڕاستدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە بەمەش وادەکات خوێندکاران بێبەش بن لەبەشداریکردن و بیرکردنەوەدا, زۆر کات توێژەران بەهۆی وتنەوەی وانەکان و تێکەڵاوی و گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکاراندا سەرنجی ئەوەیدا بە گشتی خوێندکاران هۆکاری نزمی دەستکەوتنی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

خوێندنیان و بەشداری نەکردنی ناو پۆل و ئەنجام نەدانی گفتوگۆی زانستی لە وانەدا هۆکاری دەگەڕێننەوە بۆ مامۆستاکان کە گرنگی بەخوێندکاران نادەن و هەلی بەشداری و گفتوگۆ کەمە و هەروەها مامۆستایان بە دواداچون و هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی کەم دەکەن، ئەمەش وایکردوە کە خوێندکاران لە وانەدا چالاك نەبن,هەروەها خوێندکاران پاڵنەریان نییە بۆ فێربون. ئەم تێبینیانە وایکرد کە هەست بەبونی کێشەیەکی لەمجۆرە بکرێت لەلایەن توێژەرانەوە, چونکە مامۆستا بە کۆڵەکەی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت و دەبێت مامۆستا گرنگی بە هەمو لایەنەکانی  خوێندکاران بدات بەوپەڕی لێهاتویی وانە بڵێتەوە کە زۆرترین سود بگەیەنێت بەخوێندکاران و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بێت و پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران دروست بکات، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی خوێندکاران هەبونی پاڵنەری فێربونە, پاڵنەری فێربون بە توخمێکی گرنگ بۆ ڕودانی فێربونێکی باش دادەنرێت، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی لە هاندانی خوێندکاران بۆ فێربوون هەیە.هەروەها مامۆستای کارا ئەو مامۆستایەیە کە بتوانێت پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ خوێندکاران دروست بکات و ژینگەیەکی لەبارو کەشێکی پەروەردەیی لە پۆلدا برەخسێنێت و بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران بکات و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران بکات و بتوانێت کارامەییەکانی وانەوتنەوە ئەنجام بدات کە بریتین لە ( پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن) مامۆستا بتوانێت کارامەیی ولێهاتویی و توانای جۆراوجۆر بگرێتەبەر، کە کاریگەربێت لەسەر گەشەو توانای بیرکردنەوەی خوێندکاران و وابکات خوێندکاران بە متمانەوە بەشداری بکات و تواناکانی بەکاربهێنێت , بۆیە پێویستە مامۆستا پلانێکی تۆکمەی هەبێت و لە پۆلدا جێبەجێبکات و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات و ئەو ڕێگایانە بەکار بهێنێت کە پێداویستی خوێندکار دابین دەکات کە خوێندکار لە قۆناغی گوێگرتن و وەرگرتنی نەرێنی دەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی بەدواداچون و  بەشداریکردنێکی چالاك لە وانەکەدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنێکی توانای بیرکردنەوەیان. ئەمەش لەڕێگای پرسیارو گەڕان بەدوای زانیاریداو هاندانی خوێندکاران و ئەنجامدانی چالاکی بە بەردەوامی. بە بۆ چونی توێژەران گرنگە ژینگەیەکی فێرکردن لە نێو پۆلی وانەوتنەوەدا دروست بکرێت، ڕوبەڕو بونەوەی مامۆستا لەگەڵ خوێندکار کارێکی ئاسان نییە دیاریکردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو و شێواز و چۆنیەتی گەیاندنی زانیاری دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا، ئەرکی مامۆستا قورسە بۆیە پێویستە مامۆستایان کۆمەڵێك لێهاتویی وانەوتنەوەیان هەبێت کە لە پۆلداو لە وانەدا بەکاریبهێنن بۆ خوێندکاران زۆر لە مامۆستایان بە شێوەیەکی ڕواڵەتی تەماشای پلاندانان دەکەن و جێگەی بایەخ پێدانیان نییە، وەک ئەوەی کە بەرپرسانی پرۆسەی فێرکردن جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵکو ئەوەی لای مامۆستایان جێگەی گرنگی پێدانە لایەنی جێبەجێکردنی وانەوتنەوەیە لەناو پۆلدا، سەرباری گرنگی لایەنی جێبەجێکردن، بەڵام پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان پلاندانان و جێبەجێکردندا، ئەو مامۆستایەی کە بە شێویەکی باش پلان دادەنێت ئەوە وانەکەشی بە شێوەیەکی باش جێبەجێ دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لێرەدا پرسیار لای توێژەران دروست بو، ئایا ڕوانگەی خوێندکاران سەبارەت بە لێهاتویەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایان تا چ ئاستێکە و هیچ پەیوەندییەکی بە پاڵنەری فێربونی خوێندکارانەوە  هەیە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەی ئەنجامدا.

### 1. 2. گرنگی توێژینەوەکە

پەروەردە هەر لە کۆنەوە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا شوێنێکی گرنگی داگیرکردوە، چونکە لەڕێگای پەروەردەوە گرنگترین پێکهاتەکانی گەشەو پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا ئامادە دەکرێت، ئەم سیستەمەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بریتیە لە مامۆستا , پرۆگرامی خوێندن , ژینگەی فێربون ,کات. (سعيد التل، واخرون 1983، 1)

لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا خوێندکار ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بۆیە پێویستە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ دروست بکرێت، کە پڕبێت لە کەشێکی ئارامی و ڕێزگرتن بۆئەوەی خوێندکار دەستکەوتێکی ئەکادیمی بەرز بەدەست بهێنێت, پێویستە هەمو لایەنەکانی پرۆسەی فێرکردن کە مامۆستایان و ئیدارییەکان و خوێندکار دەگرێتەوە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری و قبولکردنی ڕای بەرانبەر وەربگرن بۆ بەرزکردنەوەی ڕەفتاری ئەرێنی و چاندنی بەهای بەرز لەلای خوێندکاران, ڕێگاو ستراتیجیەتەکانی وانەوتنەوەش گۆشەیەکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیین سەردەمی ئەمڕۆ ناسراوە بەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەهۆی خێرایی گەشەکردن کەواتە وانەوتنەوە کۆمەڵێك چالاکی و ڕەفتارە کە مامۆستا دەینوێنێ هەربۆیە لەپێناو دروستکردنی کەشێکی گونجاو و زانستی بۆ دەرخستنی باشترین دەستکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی. (هادي طوالبة وآخرون 2010، 20). چەمکی فێربون ڕەفتارێکی کەسییە کە لەلایەن تاکێکەوە ئەنجامدەدرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزمون،لە ڕێگەی ئەنجامدانی کارێکەوە تاك دەتوانێت فێرببێت بە گەڕان بەدوای ئامرازێکی گونجاو جا یان لەڕێگای قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگاکانەوە زانیاری وەردەگرێت یان کتێب و ئینتەرنێت وە لە ڕێگەی ڕاهێنان و ئەزمون و پراکتیك و ئامرازەکانی تری پەروەردەییەوە.(عبدالحميد،٢٠٢٢: ٢٣). وەك دەزانرێت وانە وتنەوە بە بناغەی پرۆسەی خوێندن دادەنرێت و ڕێگاکانی وانە وتنەوە بە بەردەوامی گرنگیان پێ دەدرێت، دەتوانین بڵێین وانەوتنەوە پیشەیەکی  وردو ئاڵۆزە کە تیایدا لێهاتویی و کەسایەتی مامۆستا دەردەکەوێت بۆیە پێویستی بە زانیاری و پسپۆری  و شارەزایی تەواو هەیە، چونکە کۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەیی لە وانەوتنەوە هەیە، کە دەبێت مامۆستا هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بدات، لەکاتی وانەوتنەوەو لەناو پۆلدا مامۆستا پێویستی بەکۆمەڵێك کارامەیی هەیە، وەك کارامەیی  پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن. لەگەڵ هەمو ئەمانەدا دەبێت مامۆستا بتوانێت کەشێکی پەروەردەی لە ناوپۆلدا دروست بکات و لەڕێگای کۆمەڵێك ڕەفتاری پەروەردەیدا بتوانێت متمانەو باوەڕبەخۆبون و بنەمای ڕێزگرتن لەنێوان خۆی و خوێندکارانیدا دروست بکات. کەواتە ڕەفتاری پەروەردەی بریتییە لەو جوڵەو هەڵس و کەوتانەی کە مامۆستا لەناوپۆلدا بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەل خوێندکارانیدا ئەنجامی دەدات, کەواتە وانەوتنەوە بریتیە لەپرۆسەی کارلێك لە نێوان مامۆستاو خوێندکاراندا لە ناوپۆلدا (اللحية 2010، 23).

مامۆستا کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئامادەکردنی مامۆستای بەتوانا و لێهاتو سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنە, بەپێچەوانەوە، لاوازی کەسایەتی مامۆستا و نزمی ئاستی پەروەردەیی و زانستی،هەنگاوەکانی پێشکەوتن ڕادەگرێت و بەربەستێکی گەورە لەبەردەم بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە پەیدا دەبێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مامۆستا بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەستێت نەوەك تەنیا ڕۆڵێکی ناسەرەکی و پڕکردنەوەی بۆشاییەك بێت مامۆستا خۆی جێبەجێکارو سەرپەرشت و بەرێوەبەرە لە ناو پۆلدا بنیاتنەری کەسایەتی مرۆڤە، ئامادەکاری مرۆڤی سودبەخشە بۆ داهاتو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە پێویستە لە زۆر لایەنەوە مامۆستا خاوەنی کەسایەتیەکی تەواوبێت.

دەتوانرێت وانەوتنەوە بە لایەنی پراکتیکی فێرکردن دابنرێت، یاخود یەکێک لە گرنگترین شێوەکانی، فێرکردن کاریگەر نابێت ئەگەر پێشتر پلانی بۆ دانەنرێت، واتە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و زنجیرەیی نەخشە کێشراوبێت. وانەوتنەوە چالاکیەکی بەردەوامە و ئامانجی

وروژاندنی فێربون، ئاسانکردنی بەجێهێنانیەتی، رەفتاری وانەوتنەوە کۆمەڵێک چالاکی و بڕیار لە خۆ دەگرێت کە بەکاردەهێنرێت لە ئەنجامدانی دۆخێکی پەروەردەیی فێرکاریدا, ئامادەکردن و هاندان ئاماژەیە بەو کاروکردەوانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەزمونی خوێندکاران و ئامانجەکانی وانەکەدا.

### 1. 3. ئامانجی توێژینەوەکە:

١- زانینی ئاستی لێهاتویەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

٢- زانینی ئاستی لێهاتویەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە بە گوێرەی ڕەگەز.

٣- زانینی سروشتی پەیوەندی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربونیان.

### 1. 4. سنوری توێژینەوەکە:

١ - سنوری شوێنی: زانکۆی کۆیە – فاکەڵتیی پەروەردە.

٢ - سنوری مرۆیی: خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە لە دەوامی بیانیان بەشەکانی جوگرافیا – کوردی – عەرەبی – دەرونزانی – شەریعە.

٣ - سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

٤ – سنوری بابەت : لێهاتوی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە, پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران.

### 1. 5. پێناسەی زاراوەکان:

**لێهاتویی وانەوتنەوە**

١ – پێناسەی (الراشد 2005) بریتیە لە کۆمەڵێك شارەزایی و ئاراستەو لێهاتویی و کارامەیی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە پرۆسەی فێرکاریدا کە پێکدێت لە سێ بەشی سەرەکی پلان, جێبەجێکردن, هەڵسەنگاندن. (الراشد 2005، 56)

٢ – پێناسەی (سلامة 2009) بریتیە لەکۆمەڵێك کارامەیی و توانا کە پێویستە مامۆستا هەیبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی کارا و بەئاستێکی بەرز بەکەمترین کات و تێچو. (سلامة 2009، 89)

٣ – پێناسەی (عمران 2012)

بریتیە لە توانا و لێهاتویی بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو, ئەم کارە پەیوەندی بە پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنەوە هەبێت، کە لایەنی مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتاری دەگرێتەوە. (عمران 2012، 22)

مامۆستای زانکۆ : بریتین لەو مامۆستایانەی کە هەڵگری بروانامەی ماستەر و دکتۆران لە زانکۆکان و وانە دەڵێنەوە لە زانکۆدا وەك ستافی مامۆستایان.

پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستای زانکۆ:

بریتیە لە کۆمەڵێك توانا و کارامەیی و لێهاتویی پەروەردەیی کە مامۆستا لەناو پۆلدا ئەنجامی دەدات بەمەبەستی بەدیهێنانی فێربونێکی چالاك و کارا بۆ خوێندکاران و گەیاندنی بابەت بە باشترین شێوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان .

پێناسەی ڕێککاری توێژەران بۆ لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستای زانکۆ:

بریتییە لەو نمرەیەی کە نمونەی توێژینەوەکە(خوێندکارانی زانکۆبەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە) لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ برگەکانی پێوەرەکە بەدەستی دەهێنن کە بۆ مەبەستی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

**پاڵنەری فێربون**

١-پێناسەی (الدریج 2004) بریتیە لەو وزە ناوەکییەی کە لە تاکدا بونی هەیە هانی دەدات بۆ گرتنەبەری ڕەفتارێك لە جیهانی دەرەوە, بۆ بەدەستهێنانی ژینگەیەکی گونجاو و دور لە شکست (الدریج 2004، 143)

٢- پێناسەی (القضاه، و الترتوري 2006) بریتیە لە پاڵنەرێکی تایبەتی ناوەکی تاك بۆ کۆششکردن و جیاکاری و سەرکەوتن، تاك بەکاری دەهێنێت (القضاه، و الترتوري 2006، 174).

٣– پێناسەی (الشرقاوی 2012)

پرۆسەیەکی ناوەکی خوێندکارە بۆ سەرکەوتنی لە ئەرکە ئەکادیمیەکان (الشرقاوی 2012، 234).

**پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ پاڵنەری فێربون:**

بریتییە لەکردارێکی هزری و ناوەکی خوێندکارکە هانی دەدات بۆ فێربونێکی باش و ئاراستەکان چالاك دەکات لە هەڵوێستە فێرکارییەکاندا.

پێناسەی ڕێککاری توێژەران بۆ پاڵنەری فێربون:

بریتییە لەو نمرەیەی کە نمونەی توێژینەوەکە(خوێندکارانی زانکۆ بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە) لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ برگەکانی پێوەرەکە بەدەستی دەهێنن، کە بۆ مەبەستی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

## 2. چوارچێوەی تیۆری

### 2. 1. گرنگی لێهاتوی لە وانەوتنەوە:

لێهاتویی بە ڕێگایەکی گرنگ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی و جیهانیدا دادەنرێت، و سەرچاوەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان بەتایبەتی لە ڕۆشنایی پێشبرکێی چڕی نێوان کۆمەڵگاکان و وای لێهات کە کەسی براوە ئەو کەسەیە کە کارایی و شارەزایی لە بوارەکەی خۆیدا هەیە.

لێهاتویی پەروەردەیی یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکان لە پەروەردەدا، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر توانای مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنی بارودۆخی فێرکردن و سەرنجی ئەمڕۆ تیشک دەخاتە سەر بەرهەمەکانی پرۆسەی پەروەردە و چەمکە پەیوەندیدارەکانی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردەدا بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی ئەرکە پەروەردەییەکان و پرۆسەکانی ئامادەکردنی مامۆستا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە پێی سپێردراوە سیستەمەکان، شێوازی سیستەمەکان، شێوازی شیکردنەوەی ئەرک، و شێوازی توێژینەوەی پرۆسەیی (الخرابشة 2008، 7).

### 2. 2. جۆرەکانی لێهاتویی فێرکردن:

**لێهاتویی زانستی:**

ئاماژە بە زانیاری و لێهاتویی و توانا و كارامەییە ڕۆشنبیرییەكانی مامۆستا دەكات لە جێبەجێكردنی ئەركەكانی لە بوارە جۆراوجۆرەكان و چالاكییەكانی لەگەڵ ئەم ئەركانەدا (علی و جفافة 2008، 28)

**لێهاتویی ویژدانی:**

متمانە بە تواناكانی فێرخوازان بۆ فێربون.

-ڕەخنەگرتن قبوڵ بكات و كاریگاتە سەر خۆباشتركردن.

-ئاراستەیەكی ئەرێنی بەرەو پیشەی مامۆستایەتی.

-پێویستییەكانی تاكەكان بناسێت و بە شێوەیەكی ئەرێنی هاوسۆزییان لەگەڵدا بكات.

-ئاگادار بێت بۆ كاریگەری ئەو كارانەی كە دەیكات یان بڕیار دەدات لەسەر فێرخوازان.

-ئەو سترێسە لەبەرچاو بگرێت كە لەوانەیە توشی فێرخوازان بێت. (عبید 2009، 143)

**لێهاتویی كارایی:**

ئەمە توانای مامۆستا دەگرێتەوە بۆ نیشاندانی هەڵسوكەوتی ڕون لە پۆل و بارودۆخی خوێندن، بۆ نمونە:

-پێویستە مامۆستا توانای بەكارهێنانی ئامێرەكانی هەڵسەنگاندنی هەبێت.

-دروستكردنی پلانێكی ڕۆژانە بە ئامانجی جۆراوجۆر و داڕشتنیان بۆ ڕەفتاری دیاریكراو.

پێوەر بۆ بەدەستهێنانی لێهاتویی لە مامۆستایەتی توانای ئەوەیە كە بەپێی ڕەفتاری گونجاو هەڵسوكەوت بكات. (عزت و أخرون 2008، 51).

**لێهاتویی بەرهەم:**

ڕێژەی تێچوی پرۆسەی پەروەردەیە بۆ بەرهەمهاتو، لەوانە، بەرهەمهاتو هەمان كۆمەڵەی تاكەكانن دوای ئەوەی قۆناغی پەروەردەی تایبەت دەپەڕنەوە، وە لێرە بەرهەمهاتو بە ڕێژەی گۆڕانكاری لە هەڵسوكەوتی تاكەكان لە هەمو بوارەكاندا بۆ ئامانجە پەروەردەییەكان پێوانە دەكرێت.

**١-پلاندانان:** دەستنیشانكردنی ئامانجە پەروەردەییەكان كە پەیوەندییان بە بابەتی وانەكەوە هەیە و پۆلێنكردنیان و شیكردنەوەی ناوەڕۆكی ماددە پەروەردەییەكان. زانینی ئەزمونی پەروەردەیی پێشوی خوێندكاران، لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەكانیان و جیاوازییە تاكەكسییەكانیان، و ئامادەكردنی پلانی ڕۆژانە كە بەیەكەوە بەستراوەتەوە بە پلانە ساڵانەكانەوە. هەڵبژاردنی ستراتیژی فێركردنی گونجاو و شێوازی فێركردن، و دیاریكردنی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو.

**٢-جێبەجێكردن:** ئەم لێهاتوییە لاوەكیانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

پێشكەشكردنی ماددەی خوێندن بە ڕونی و یەك لە دوای یەك و یەكگرتو، ڕاكێشانی سەرنجی خوێندكاران بۆ وانەكە و وروژاندنی پاڵنەرەكانیان. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی خوێندكاران لە ژێر ڕۆشنایی تواناكانیان و جیاوازی تاكەكەسی. دابینكردنی ژینگەیەكی پەروەردەیی گونجاو و هەلومەرجێك كە ڕێگە بە خوێندكاران بدات كارلێك بكەن، جا بە تاك یان وەك گروپ. هەمەچەشنكردنی شێواز و چالاكییەكانی پەروەردەیی. دابینكردنی جۆرە جیاوازەكانی بەهێزكردنی ماددی و ئەخلاقی خوازراو و بەكارهێنانی زمانێكی دروست و ڕون و ئامرازەكانی پەیوەندی زارەكی و نازارەكی (دندش و ابوبكر 2003، 128)

**٣-هەڵسەنگاندن:** ئەم لێهاتوییە لاوەكیانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

ئامادەكردنی تاقیكردنەوەكان كە لەگەڵ ئامانجە دیاریكراوەكان دەگونجێت و پشت بە ئامرازەكان و میتۆدەكانی پێوانەكردن و هەڵسەنگاندنی گونجاو دەبەستن لەگەڵ ئامانجە دیاریكراوەكان و توانا و تایبەتمەندییەكانی خوێندكارەكان و بەكارهێنانی ئەنجامەكان بۆ دیاریكردنی خاڵە بەهێز و لاوازەكانی خوێندكاران و پەرەپێدانی پلانێكی چاككردنەوە لە ڕۆشنایی فیدباك و بەكارهێنانی هەڵسەنگاندنی بەردەوام كە دوای هەر هەنگاوێكی پەروەردە و بەكارهێنانی هەڵسەنگاندنی كەڵەكەبوی كۆتایی دێت.

**2. 3. ڕەهەندەكانی لێهاتویی لە وانە وتنەوە**

كۆمەڵە ڕەهەندێكی جیاواز بۆ كارایی لە وانە وتنەوە هەیە، كە بریتین لە:

2. 3. 1. ڕەهەندی ئەخلاقی :

-بە بوێری وەسف دەكرێ.

-كۆششكەر .

- ئارام و زو توڕە نابێت و هەڵسوكەوتی باشە لە پۆلدا.

- بە پەرۆشە بۆ وانە وتنەوە.

-هاندانی ڕێزگرتنی هاوبەش لە نێوان خۆی و فێرخوازان و لە نێوان خودی فێرخوازان (الدریج، التدریس الهادف من نموذج التدریس بالاهداف الی نموذج التدریس بالكفایات 2004، 300)

**ڕەهەندی ئەكادیمی:**

شارەزاییە ئەكادیمییە زانستییەكان لەخۆ دەگرێت كە پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەكی كاریگەر و لێهاتو بابەتێك فێر بكات، وەك زانینی بابەتی پسپۆڕی، خاوەنی شارەزایی لێكۆڵینەوە و دۆزینەوەی زانستی، وەك دەستگەیشتن بە هەمو شتێكی نوێ.

**ڕەهەندی پەروەردەیی:**

لێهاتوییەكانی زانیاری مامۆستا كە پەیوەستە بە توانای بەكارهێنانی چەمكەكان و ئاراستەكان و جۆرەكانی هەڵسوكەوت لە فێركردندا بە ئاسانی و كارایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكان و ڕەهەندی پەروەردەیی ئەم لێهاتوییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت، كە بریتین لە:

- شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بابەتی وانەكان، شیكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی فێرخواز، پلاندانان بۆ فێركردن، داڕشتنی ئامانجەكانی سیستەمی فێركردن، دیاریكردنی ڕێگاكانی فێركردن، ستراتیژی فێركردن و یارمەتییەكانی فێركردن.

- دوای كارلێك و پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و مرۆییەكان، ئەم لێهاتوییانە لە ڕوی سۆزداری و كۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی دەكرێن وەك هاوكاری و ڕێزگرتن.

- هاوكاریكردن لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەران بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی فێركردن و فێربون بە گشتی.

- چارەسەری كێشەكان بە شێوەیەكی هۆشیارانە و بە مەبەست.

**2. 4. پاڵنەری فێربون :**

بە ئەنجامدانی كارێكی باش و سەركەوتن لەوكارە و حەزوئارەزو دەگەرێتەوە, یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی تاك و بەمەرجێكی سەرەكی بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان لەپرۆسەی فێركردندا دادەنرێت, كردارێكی هزری و ناوەكییە جولەو ئاراستەكان چالاك دەكات و بەردەوام دەیانپارێزێت, پاڵنەری فێربون بەشێوەیەكی گشتی بەیەكێك لە هەرە گرنگترین هۆكارەكانی سەركەوتن بۆ ئەنجامی فێربونێكی كاریگەر دادەنرێت, هەروەها پێویستی بە زانینی پێویستییەكان، گرنگی پێدانەكان،مافەكان،تواناكان، كردارەكانی خوێندكار هەیە تاكو لەو ڕێگایەوە ئاراستەیان بكات هاندانی خوێندكاران، مامەڵەكردن لە سەر بنەمای تایبەتمەندی تەمەن، بنەڕەتی، ئامادەیی، زانكۆ, پاڵنەری فێربون ئاراستەی فێربون و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

فێرکردن دەپارێزێت، لە دەستدانی دەبێتە هۆی تێچونی ئاراستەکە (ویزة 2017، 177).

ئامانجە فێرکاریەکان لە بۆشاییەوە نایەن، بەڵکو دەبێت دارێژراوبێت لە پێویستیەکانی تاک و کۆمەڵگا، ئەم پێویستیانە بە هەمویان ئامانجە گشتییە پەروەردەییەکان پێکدەهێنن، هەروەک پێویستیەکانی تاک و کۆمەڵگا لە هەندێ وڵات(فەلسەفەی کۆمەڵگا) پێکدەهێنن پێویستە ئامانجەکانی پرۆگرام پەیوەندی بەهێزی بە ئێستای ژیانی خوێندکارەوە هەبێت، هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژیێ، و دەبێ زۆر بە وریاییەوە ئامانجەکان گرێ بدرێت بە کەسێتی خوێندکار و تایبەتمەندی گەشەکردنی و پێویستی و تێڕوانینی و حەزەکانیەوە ئەگەرنا ئەوە ئامانجەکان کارەکەی خۆی لە دەست دەدات لەبەرەو پێش بردنی فێرخوازەکان، یەکەم شتێک کە پێویستە ڕەچاوبکرێت لە ئامانجەکان ئەوەیە کە دەبێت سەرجەم لایەنەکانی ژیری و ویژدانی و لێهاتوی و کارامەیی جولەیی دەرونی خوێندکار لە خۆ بگرێت (ر. حمامين 2014, 18)

ئەرکەکانی پاڵنەری فێربون (چالاککردنی ڕەفتار – هەڵبژاردنی ڕەفتار – ئاراستەکردنی ڕەفتار – وروژاندنی ڕەفتار) پاڵنەری فێربون ڕۆڵێکی گرنگ لە کرداری فێربون و هەڵوێستی فێرکردندا دەبینێت و ڕەفتاری تاک دەجولێنێت و هاندەدات بۆ کۆششکردن و چالاکبون و پاڵدەنێت بۆ فێربون.

**2. 5. جۆرەکانی پاڵنەر:**

١ – پاڵنەری بایۆلۆژی : بریتین لە پێداویستیە فسیۆلۆژییەکان کە پێویستیەکانن و دەبێت دابین بکرێن، چونکە جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی دەنا کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی کارو چالاکی کردەیی دیکە دەبێت.

٢ – پاڵنەری سایکۆلۆجیەکان: ئەمجۆرە پاڵنەرە گەشە پێدەدات و مرۆڤ بەرە و کەسایەتییەکی کامل دەبات کە ئەمەش دابەش دەبێت بەسەر چەن جۆرێك وەك :

ا – پاڵنەرە دەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان:بریتین لەو پاڵنەرە دەرەکییانەی کە گوزارشت لە خۆیان دەکەن لە هەڵوێستە دەرەکییەکان وەك پاڵنەری ئینتما بۆ نیشتمان.

ب – پاڵنەری نێوخۆی تاکی :بریتین لەو پاڵنەرانەی کە لەپشتەوەی دەستکەوتی تاکەوە دەبێت وەك دەستکەوتە ئەکادیمیەکان و پیشەییەکان (محمود 2006، 196)

**2. 6. پێکهاتەکانی پاڵنەری فێربون:**

**1. خۆشەویستی زانین:** ئەو تاکانەی بە سروشتی خۆیان حەزیان بەگەڕان و زانیارییە ئەوا لە شارەزایی نوێ دەگەڕێن و چێژ لە فێربونی وەردەگرن، و لە کاتی شیکارکردنی گرفت و بەرەوپێشبردنی کارامەیی و لێهاتویی خودیان هەست بە ڕەزامەندی دەکەن، بە گرنگترین بنەما بۆ فێربون لای خوێندکاران دادەنرێت.

**2. لێهاتویی خودی:** واتە تاك لە خۆی ڕابمێنێت، کە دەتوانێت کارێکی دیاریکراو ئەنجامبدات یان بە ئامانجە دیاریکراوەکانی دەگات، دەکرێت ئەم چەمکە لەسەر ئەو خوێندکارانە جێبەجێبکرێت، کە گومانیان لە تواناکانیان هەیە و پاڵنەریان بۆ فێربون نییە.

**3. پێویستی:** زانا (P.Karen Murphy) دەڵێت: پێویستی لای تاك بریتییە لە هەستکردن بەکەمبونی شتێکی دیاریکراو، پێیوایە پێویستییەکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازن، هەروەها (Abraham Maslow1980-1908) قسەی لەسەر پێویستی کردووە و پێیوایە چەند جۆر پێویستی هەیە، ئەوانیش بریتین لە (پێداویستی فسیۆلۆژی، پێداویستی ئاسایش، پێداویستی خۆشەویستی و ئینتما، پێداویستی ڕێزگرتن لە خود، پێداویستی بەدەستهێنانی خود).

**4. بۆچون:** دەربڕینی بیرو بۆچونی خوێندکار بۆ فێربون تایبەتمەندییەکی ناوەکییە و بە بەردەوامی لە ڕەفتار دەرناکەوێت، چونکە ڕەفتاری ئەرێنی لای خوێندکاران بە بونی مامۆستا دەردەکەوێت و لە کاتەکانی تر دەرناکەوێت .

**5. لێهاتویی:** پاڵنەرێکی ناوەکییە و بەرەو فێربونی دەبات، بە شێوەیەکی گەورە بە لێهاتویی خودی پەیوەندیدارە، تاك هەست بەدڵ خۆشی دەکات کاتێك لەو کارەی ئەنجامی داوە سەرکەوتو دەبێت، سەرکەوتن بەتەنها بەس نییە، پێویستە لەسەر مامۆستا بۆ ئەو خوێندکارانەی لێهاتویی خودیان نییە، بەتەنها هەلی سەرکەوتنیان بۆ نەڕەخسێنێت، بەڵکو پێویستە ئەو کارانەیان پێبسپێرێت، کە جۆرێك لە ململانێی تێدایە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان و چەسپاندنی خودی خۆیان. (حمد 2020, 24)

**2. 7. ڕۆڵی مامۆستا لە دروستکردنی پاڵنەری فێربوندا:**

١ – دەبێت مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران بکات.

٢ - جێبەجێکردنی ڕەوشێکی پەروەردەیی لە ناو پۆلدا و هاندانی خوێندکاران بۆ بیرکردنەوە.

مامۆستا ئامانجی(معریفی – سۆزداری – ڕەفتاری) جێبەجێ بکات لەناو پۆلدا.

٣ - هاندان و سەرنج ڕاکێشانی خوێندکاران بۆ بابەتی وانەکە، بە جۆرێک ببێتە جێگەی بایەخپێدانیان، گرنگیدان بە تێڕوانینی خوێندکاران و بیرو بۆچونەکانیان.

٤ - پێویستە لە نێوان خوێندکار و مامۆستا جۆرێک لە متمانەپێکردن هەبێت، پەیوەندیەکەی نێوانیان پەیوەندیەکی کارا و کارلێکردن بێت.

٥ - بەستنەوەی چەمکەکانی بابەتی وانەکە بە بابەتی پەیوەندیدار بە ژیانی ڕۆژانە.

٦- خوێندکاران دەرفەتی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕوانگەو بۆچون وئەزمونەکانیان هەبێت.

**2. 8. ئەو تیۆریانەی کە پێکهاتنی پاڵنەری فێربون ڕون دەکەنەوە:**

تیۆری پاڵنەری مرۆیی ئەبراهام ماسلۆ (1908 – 1970): ئەم تیۆرە بەناوی بزوتنەوەی مرۆڤایەتی لە دەرونزانیدا باس لە چەند بنەمایەکی سەرەکی دەکات, سەبارەت بە پێویستییە بنەڕەتییەکان پێکهاتوە لە هەرەمێك لە پێنج ئاست گرنگترین ئاست, کە پەیوەندیدارە بەو توێژینەوەیە و سودی هەیە، ئاستی چوارەمەوە, کە بریتییە لە پێویستییەکانی ڕێزگرتن هەمو تاکێك لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ هەڵسەنگاندنێکی بەرز و جێگیر و بنچینە دامەزراوی خۆیان خواستیان بۆ ڕێزگرتنی خود و شانازیکردن بە خود و ڕەچاوکردنی لەلایەن ئەوانیترەوە هەیە و مەبەستمان لە خود ڕێزگرتنی بنچینە دامەزراو ئەوەیە، کە تەواو لەسەر توانایەکی ڕاستەقینە دەستکەوت و ڕێزی ئەوانیترەوە دامەزراوە. دەکرێت ئەم پێویستییانە بۆ دو لایەن دابەش بکەین یەکەمیان خواستی هێز، بەدەستهێنان، ڕازیبون لە بەرامبەر خواستی سەربەخۆیی و ئازادی.

دووەمیان خواستی ناوبانگ یان دەرکەوتن واتە ڕێز و دانپێدانان لەلایەن کەسانیترەوە, ناسراوبون، لەبەرچاو بون، دەشێت خواستی دەرکەوتن و ڕێز لەبەرچاوی کەسانیترەوە بەشێك بێت لە خواستی ڕێزگرتنی خود یان متمانەبون بە خود، ئەم قوتابخانە پێیوایە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆی هەیە، چونکە مرۆڤ لەدەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆی ئازدە. (تەلعەت 2022, 34).

بەبۆچونی توێژەران پیشەو ئەرکی مامۆستای زانکۆ کاریگەری زۆری لەسەر پێگەیاندنی خوێندکار بۆ داهاتوی ژیانی هەیە، کە زانین و زانیاری لە بواری پسپۆڕی و ئاراستەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

ڕەفتاری گونجاو و کارامەیی زانست و پراکتیکی پێویست دەبەخشێت، بەمەبەستی ئامادەکردنیان کە لە دوارۆژ ببنە ئەندامی کاریگەر لەپێناو خزمەتی کۆمەڵگا.

**2. 9. توێژینەوەکانی پێشووتر سەبارەت بە لێهاتوییەکانی مامۆستا و پاڵنەری فێربون**

**توێژینەوەی فرحاوی (2021): جامعة مولود معمري – تيزي وزو.** بە ناونیشانی هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتویی مامۆستایان بە گوێرەی ساڵانی خزمەت. میتۆدی بەکارهاتوو میتۆدی وەسفی بووە. بە ئامانجی زانینی ئاستی لێهاتویی مامۆستایان بەگوێرەی بڕوانامە.

ئامرازی بەکارهاتوو: پێوانەی لێهاتویی مامۆستایان

نمونەیی توێژینەوە: 50 مامۆستا.

دەرئەنجامی توێژینەوە: نەبونی بەڵگەداری ئاماریی لە لێهاتویی مامۆستا بو گوێرەی ساڵانی خزمەت.

- بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی لێهاتویی مامۆستایان بە گوێرەی بڕوانامە.

**توێژینەوەی شيبة (2015): جامعة مولود معمري – تيزي وزو.**

ڕێبازی وەسفی

ناونیشانی توێژینەوە: پاڵنەری فێربون و پەیوەندی بە ڕێز گرتنی خود و گونجانی خوێندن لای خوێندکارانی دووەمی ناوەندی.

ئامانجی توێژینەوە: ئاشکرا کردنی پەیوەندی لە نێوان پاڵنەری فێربون و نرخاندنی خود و گونجاندنی خوێندن.

- زانینی جیاوازی لە ئاستی پاڵنەری فێربون بە پێی جیاوازی ڕەگەز.

ئامرازی بەکارهاتو: پێوانەی پاڵنەری فێربون – پێوانەیی نرخاندنی خود – پێوانەی گونجانی خوێندن.

نمونەیی توێژینەوە: 100 خوێندکاری نێر و مێ.

دەرئەنجامی توێژینەوە: بونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان پاڵنەری فێربون و نرخاندنی خود و گونجانی خوێندن..

- بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پاڵنەری فێربون بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

**3. ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە**

**3. 1. ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی وەسفی پەیوەندی لە توێژینەوەکەیاندا بە کارهێنراوە، ئەمەش بە هۆی گونجانی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژنەوەکە.

**3. 2. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژنەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە کە خۆی لەشەش بەشدا دەبینێت, لە خوێندنی دەوامی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی 2023 - 2024 لە زانکۆی کۆیە کەژمارەیان (939) خوێندکارە, ئەم داتایە بەشێوەی فەرمی لە یەکەی تۆماری زانکۆی کۆیە وەرگیراوە بۆساڵی خوێندنی 2023 - 2024 .

خشتەی (1)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| ژ. | ناوی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە | ژمارەی خوێندکاران |
|---|---|---|
| ١ | بەشی کوردی | 170 |
| ٢ | بەشی عەرەبی | 96 |
| ٣ | بەشی ئینگلیزی | 210 |
| ٤ | بەشی جوگرافیا | 165 |
| ٥ | بەشی مێژو | 120 |
| ٦ | بەشی دەرونزانی | 90 |
| ٧ | بەشی ئاینی | 88 |
| | کۆی گشتی | 939 |

**3. 3. نمونەی توێژینەوەکە**

دوای ئەوەی توێژەران کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان دەست نیشانکرد بەشێوەیەکی هەرەمەکی کە بریتی بون لە خوێندکارانی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە کە پێکدێن لە بەشی جوگرافیا و دەرونزانی و عەرەبی و کوردی، لە قۆناغی سێیەم و چوارەم کە ژمارەیان بریتی بو لە (250) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ .

خشتەی ( 2)

نمونەی توێژینەوەکە

| ز | بەش | ژمارەی خوێندکاران | ژمارەی نمونەی توێژنەوەکە | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوگرافیا | 165 | 90 | 56 | 34 | |
| ٢ | دەرونزانی | 90 | 60 | 20 | 40 | |
| ٣ | کوردی | 170 | 52 | 20 | 32 | 250 |
| ٤ | عەرەبی | 96 | 48 | 17 | 31 | خوێندکار |

**3. 4. ئامرازی توێژینەوەکە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە وا پێوست بو توێژەران بۆ پێوانەکردنی (لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا) پێوانەی گونجاو بەکاربهێنێت, لە بەر نەبونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی توێژەران بە زمانی عەرەبی بۆ پێوانەکردنی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا ئاستی پێوانەکەی وەرگرت لە (فرحاوي 2019) کە پێوانەکە پێکهاتبو لە (46) برگە وە لە بەرامبەر هەر برگەیەك پێنج هەڵبژاردە هەیە بەرامبەر هەر هەڵبژاردەیەك نمرەیەك دانراوە بە هەمان ڕێزبەندی (١,٢,٣,٤,٥) پاشان بۆ ئەوەی پێوانەکە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێك ئەنجام درا وەك :

**3. 4. 1. وەرگێرانی زمانەوانی** Transelatiom Validity

پێوانەکە پێکهاتبوو لە (٤٦)برگە بەمەبەستی ڕاستگۆیی وەرگێڕان پێوانەکە درا بە چەند شارەزایەکی زمانەوانی هەنگاوی یەکەم پێوانەکە درا بە شارەزایەکی زمانی عەرەبی کە شارەزای زۆرباشی هەیە لە زمانەوانی و ڕێزمانی کوردی بۆ ئەوەی پێوانەکە لە زمانی عەرەبی وەربگێڕێتە زمانی کوردی پاشان هەنگاوی دووەم پێوانە کوردیەکە درا بە کەسێکی شارەزا لە زمانی عەرەبی، بۆ ئەوەی وەریبگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، دواترهەنگاوی سێیەم پێوانە عەرەبیە (ئەسلکە) لەگەڵ پێوانە وەرگێڕدراوەکە(کوردییەکە) درا بە کەسێکی تری شارەزا لە زمانی عەرەبیدا بۆ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

ئەوەی رادەی لە یەك چونی برگەکان بە ڕێژەی سەدی بۆ برگەکان دەربهێنێت کە ڕێژەی لێکچونی برگەکان لە( ٩٢% )بو.

**3. 4. 2. ڕاستیەتی ڕواڵەتی** Face –Validity

واتە ئایە پێوانەکە گونجاوە بۆ ئەو دیاردەیەی دەی پێویت وە رادەی برگەکانی پێوانەکە ئەو گۆراوەی بۆی دانراوە پێوانەدەکات (بۆکانی 2020, 153) بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەران پەنایان بردە بەر ڕاوبۆچونی شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەرونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە وەك لە پاشکۆدا ئاماژە بەناویان کراوە, داوایان لێکرا ڕاوبۆچونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەربرن و هەرگۆرانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان ڕێژەی ڕێککەوتن لە سەر مانەوەی برگەکان بەمشێوەیە بو کە برگەکان لە کۆی (46) برگەکان وەك خۆیان مانەوە.

**3. 4. 3. ڕاستیەتی بونیادنان** (Construct validity)

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاستگۆیی و پشتی پێ دەبەسترێت لە دیارکردنی ڕاستگۆیی پێوانە پەروەردەییەکان، کەواتە ڕاستگۆیی بونیادنان واتە پەوەندی نمرەکانی پێوانەکە بە نمرەی گشتی و پێوەرەکە.

توێژەران ڕاستیەتی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا لە سەر نمونەی سەرەتایی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (2022- 2023) کە ژمارەیان (40) خوێندکاربو لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشە جیاجیاکانی فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی کۆیە،دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریی بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەوەندی پێرسۆن (**Person**)ی لە نێوان برگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە.

خشتەی (٣)

پەیوەندی هەر برگەیەکی پێوەری بەڕێوەبردنی پۆل بە کۆی پێوەرەکە

| برگەکان | ب. پەوەندی | برگەکان | ب. پەوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤٤٠** | ١٠ | ٢٩٠** | ١٩ | ٥٢٠** | ٢٨ | ٢٤٦* | ٣٧ | ٢٩٢** |
| ٢ | ٤١٥** | ١١ | ٤١٠** | ٢٠ | ٣٣٢** | ٢٩ | ٤١٧** | ٣٨ | ٤٢٠** |
| ٣ | ٤٥٤** | ١٢ | ٤٧٦** | ٢١ | ٤٨٠** | ٣٠ | ٣٥٥** | ٣٩ | ٤٥٨** |
| ٤ | ٤٣٢** | ١٣ | ٣٥٧** | ٢٢ | ٣٤٢** | ٣١ | ٤٨٠** | ٤٠ | ٣٨٤** |
| ٥ | ٣١٢** | ١٤ | ٣٤٦** | ٢٣ | ٣٩٠** | ٣٢ | ٤٦٢** | ٤١ | ٣٤٦** |
| ٦ | ٤٣٠** | ١٥ | ٣٢٢** | ٢٤ | ٢٦٧** | ٣٣ | ٥٧٣ | ٤٢ | ٣٤٥** |
| ٧ | ٤٧٣** | ١٦ | .٣٩١** | ٢٥ | ٤١٢** | ٣٤ | ٣٨٤** | ٤٣ | ٣٦٥** |
| ٨ | ٤٠٢** | ١٧ | ٤٧٢** | ٢٦ | ٣٣٥ | ٣٥ | ٤٠٠** | ٤٤ | ٤٣٩** |
| ٩ | ٣١٥ | ١٨ | ٤٧٩ | ٢٧ | ٣٥٨ | ٣٦ | ٤١٥ | ٤٥ | ٤٥٥ |

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەندێك لە برگەکانی پێوانەکە پەوەندییەکی بە هێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەیە.

**3. 4. 4. دیاریکردنی جێگیری توێژینەوەکە** Reliability

جێگیری پێوانە: یەکێکە لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی. مەبەست لە جێگیری بونی هاوشێوە لە وەڵامەکاندا،کاتێك دوبارە ئامرازەکە بە نزیکەی بەسەر هەمان کەس و لە هەمان بارودۆخدا جێبەجێدەکرێتەوە. (خالیدی 2021، 48). توێژەران جێگیری پێوانەکەی بە ڕێگای ئەلفا کرونباخ دۆزیەوە کە یە کێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشان کردنی گونجانی ناوەکی، پاش دابەش کردنی پێوەرەکە بەسەر(50) خوێندکاری بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە بەشی شەریعە و مێژو لە زانکۆدا وەك نمونەی سەرەتایی دابەشکرا کە بەهای جێگیری پێوانەکە بریتی بو لە (0,72) کە ئەمەش جێگریەکی پەسەندە.

خشتەی (4)

جێگیری پێوەری لێهاتویی وانەوتنەوە بە ڕێگای ئەلفای کرۆنباخ (**Crnbach's Alpha**)

| ژ | لێهاتویی مامۆستا | ئەلفای کرۆنباخ | ژمارەی برگە |
|---|---|---|---|
| ١ | پلاندانان | 0,72 | 1-13 |
| ٢ | جێبەجێکردن | 0,74 | 14-37 |
| ٣ | هەڵسەنگاندن | 0,71 | 38-46 |
| | کۆی گشتی | 0,71 | 46**برگە** |

**3. 5. تایبەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی وجێبەجێکردنی:**

بەشێوەیەکی کۆتایی پێوانەی لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا لە (46) برگە پێکهاتبو هەروەها بژاردەکان پێکهاتبو لە پێنج بژاردە لە بەرامبەر برگەکاندا کە بریتن لە ( زۆر ڕازیم ،ڕازیم , نازانم , ناڕازیم، زۆر ناڕازیم ) بەهای بژاردەکان بریتیە لە (١,٢,٣,٤,٥) بە هەمان ڕیزبەندی .

**3. 6. جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :**

توێژەران دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پێوانەی توێژینەوەکەی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کە پێکهاتبون لە خوێندکارانی قوناغی سێیەم و چوارەمی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە کە ژمارەیان (٢٥٠) خوێندکاربو لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، بەشێوەی هەرەمەکی فۆرمەکە دابەش کرا بەسەریان دا .

**3. 7. پێوەری پاڵنەری فێربون**

توێژەران پشتی بەستووە بە پێوەری ئامادەکراو کە لەلایەن (حمد 2020) بەکارهێنراوە، ئەم پێوەرە لە (22) برگە پێکهاتووە بە زمانی کوردی وە لە بەرامبەر هەر برگەیەك پێنج هەڵبژاردە هەیە، کە بریتین لە (زۆر ڕازیم ،ڕازیم , نازانم ،زۆر ناڕازیم, ناڕازیم ) بەرامبەر هەر هەڵبژاردەیەك نمرەیەك دانراوە بە هەمان ڕیزبەندی (٥,٤,٣,٢,١) پاشان بۆ ئەوەی پێوانەکە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێك ئەنجام درا وەك :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

**3. 7. 1. ڕاستیەتی ڕواڵەت (Face Validity):** ئامانجی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، بەجۆرێك ئامرازەکان لەگەڵ مەبەستی دیاریکراو بگونجێن، واتە هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیانە ئەوەیە کە لەپێناو ئامانجێکی ڕوون و ڕاست ئەنجامدەدرێت (رسول 2017, 147) ڕاستیەتی ڕواڵەتی یەکێکە لەمەرجەکانی پێوانە دروستکردنی پێوەری پەروەردەیی و دەرونی و بە ئاراستەکردنی بۆ کۆمەڵێك لە کەسانی تایبەتمەند و شارەزا بە دەست دێت و کۆدەنگی ڕاوبۆچونیان لە سەری ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی ئەم جۆرە پێوەرە (عودة 2002، 37).

بۆ دیاریکردنی ڕاستیەتی ڕواڵەتی توێژینەوە توێژەران پەنای بردە بەر ڕاو بۆچونی شارەزایان بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانی پێوەرەکە خرانە بەر دەستی (5) شارەزا لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەرونزانی، داوایان لێکرا کە ڕاو بۆچونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەر ببڕن و هەر گۆڕانکاریەکیشیان پێ باش بو بێت پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لە سەر مانەوەیان لە سەروی (95%) بو, بەمشێوەیە لە کۆی (22) بڕگە، سەرجەم بڕگەکان وەك خۆیان مانەوە و هیچ بڕگەیەك لانەدرا.

**3. 7. 2. دیاریکردنی جێگیری (Reliability):** تاقیکردنەوەی جێگیری هەمان ئەنجامی پێشوی ئەو گروپە خوێندکارەمان پێدەدات،دوبارە خوێندکارەکان تاقیبکەینەوە لە هەمان بابەت،کەواتە جێگیری ڕاستی و دروستی تاقیکردنەوەکان دیاریدەکات, واتە، ئەگەر ئەنجامی دەستکەوتی دووەم هەمان ئەنجامی دەستکەوتی تاقیکردنەوەی پێشینە بو ئەوا تاقیکردنەوەکە جێگیر و نەگۆرە (ر. حمدامين 2016, 170).

**3. 7. 3. ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی (Split Half Method):** جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای کەرتکردنی نیوەیی دەستنیشانکرا، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دو کەرتکردنی پێوانە، بۆ ئەم مەبەستە پێوەرەکە جیبەجێکرا بە سەر (40) خوێندکار لە ڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS),جێگیری پێوەرەکە دەستنیشانکرا بە (Split - Half), لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشەی (spearman)، دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەکەم و بەشی دووەمی پێوەرەکە بریتی بو لە (0,80) کە ئەمەش بە جێگیریەکی پەسەند ئەژمار دەکرێت وەك لە خشتەی ژمارە (5) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (5)

جێگیری بۆ پێوانەی پاڵنەری فێربون بەڕێگای کەرتکردنی نیوەیی

| ئەنجامدان | ژمارەی نمونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهایپەیوەندی |
|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 40 | 82,62 | 10,82 | 0,80 |
| جاری دووەم | 40 | 80,44 | 11,10 | |

**3. 8. تایبەتمەندی پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی :**

پێوەری (پاڵنەری فێربوون) بە شێوەی کۆتایی لە (22) بڕگە پێك دێت بژاردەی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی بڕگەکان بە جۆری پێنج بژاردە داڕێژراوە، واتە بۆ هەر پێنج بژاردە و وەڵام لە بەرامبەر بڕگەکان هەیە، کە بریتین لە (زۆر ڕازیم، ڕازیم، نازانم، ناڕازیم،زۆر ناڕازیم) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (١-٢-٣-٤-٥) بە هەمان ڕیزبەندی.

**3. 9. ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی:**

توێژەران لە ڕێککەوتی (12-11- 2023) دەستیکرد بە جیبەجێکردنی پێوانەکانی توێژینەوەکەی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەیدا, کە پێکهاتبون لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی بەشەکانی (دەرونزانی – کوردی– عەرەبی – جوگرافیا) کە ژمارەیان (250) خوێندکار بو لەهەردو ڕەگەزی نێرو مێ، ئەنجامەکە کۆتایی هات لە ڕێککەوتی (28-11- 2023).

**3. 10. ئامرازە ئامارییەکان:**

سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی (18) وەرگیرا، بۆ دەستکەوتنی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە :

1. ڕێگای ئەلفاکرونباخ –( Coronbachs Alpha) بەکارهات بۆ دۆزینەوەی جێگیری.
2. هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆنPerson و سبیرمان براونBrown - -Spearmanئەژمارکردنی جێگیر بۆ پێوانەکان بەکار هات.
3. (conformity factor analysis – CFA) بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرەکان لەڕوی ئامارییەوە.
4. تاقیکردنەوەی (t)ی یەك نمونەیی (one sample t-test) دەست نیشان کردنی ئاستی لێهاتویی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانکۆ و پاڵنەری خوێندن لای خوێندکاران لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.
5. پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر گۆڕاوەکان جیبەجێکرا.
6. تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەمەبەستی دەستنیشان کردنی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا.

## 4. خستنەڕوی ئەنجام و شیکردنەوەیان

توێژەران لەم بەشەدا ئەنجامەکان بەگوێرەی ئامانجەکان دەخاتەڕو بەمشێوەی خوارەوە

**4. 1. بونیادنانی پێوەرەکان**

لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، دو پێوەرمان ئامادە کرد کە بریتی بو لە پێوەری "لێهاتویی وانەوتنەوە" و پێوەری پاڵنەری فێربون. بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە بڕگەکان لەڕوی ئامارییەوە توانای پێوانەکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی هەیەو هەروەها بە کارتێکەری هۆکارە کاتییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان لەسەر پێوەرەکان جێبەجێ کرا کە هەنگاوەکانی بەمشێوەیەی خوارەوە بون:

**4. 1. 1. شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە( conformity factor analysis – CFA):** بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرەکان لەڕوی ئامارییەوە، سود لە شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) وەرگیرا. بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە کە هەر یەك لەو بڕگانەی کە دانراون لەڕوی ئامارییەوە دەتوانێت پێوانەی بەشێك لەو گۆڕاوە بکات کە مەبەستیانە. (بڕوانە وێنەی ژمارە 1 ).

بۆ ئەو مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر گۆڕاوەکان جیبەجێکرا و لە هەر یەك لە پێوەرەو ڕەهەندەکاندا ئەو بڕگانەی کە باری ئاماریی پێویستیان لەسەر ڕەهەندەکەی خۆیان نەبو سڕانەوە. بەمشێوەیە پێوەرەکانمان مەرجەکانی فیتبونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (CFI=0.902)، (RAMSEA= 0.050)، (IFI=0.904) وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265




( نیشان دەداتconformity factor analysis – CFAوێنەی (1): شیكردنەوەی هۆكاری پشتڕاستكراوە )

خشتەی ژمارە (6)

شیكردنەوەی هۆكاری پشتڕاستكراوە(conformity factor analysis – CFA)

| نیشاندەر (Fitting indexes) | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای داواكراو (Cut value) | ≤0.08 | ≤3 | ≥0.60 | ≥0.80 | ≥0.60 | ≥0.90 | ≥0.9 |
| بەهای مۆدێلەكە (The model) | 0.50 | 1.632 | 0.706 | 0.807 | 0.812 | 0.904 | 0.902 |

**4. 1. 2. ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەكان:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەكان ئەم هەنگاوانەی خوارەوەمان جێبەجێ كرد:

**١. ڕاستیەتی:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی بونیادی سودمان لە پەیوەستی پیرسۆن (Pearson) وەرگرت كە تێدا پەیوەستی هەر بڕگەیەك لەگەڵ گۆڕاو یان ڕەهەندەكەی دەستنیشان دەكات. لەم پەیوەندیەیدا؛ سەبارەت پێوەری لێهاتوی وانەوتنەوە؛ لەڕەهەندی "پلان" هەمو بڕگەكان پەیوەستێكی بەڵگەداری ڕاستەوانەیان لە نێوان (0.629 - 0.757) لەگەڵ ڕەهەندەكەیان هەبو، بڕگەكانی گۆڕاوی جێبەجێ كردن پەیوەستێكی بەڵگەداری ڕاستەوانەیان لە نێوان (0.634 ــــ 0.748) لەگەڵ ڕەهەندەكەیان هەبو، بڕگەكانی گۆڕاوی هەڵسەنگاندن پەیوەستێكی بەڵگەداری ڕاستەوانەیان لە نێوان (0.623 - 0.736) لەگەڵ ڕەهەندەكەیان هەبو. سەبارەت بە پاڵنەری خوێندن بەهای پەیوەستی بڕگەكان لەگەڵ پێوەرەكە دەكەوێتە نێوان (0.645 ــــ 0.748) لە ئاستی بەڵگەدار (P-Value<0.01). بەمشێوەیە ئەتوانین بڵێین كە پێوەرەكانمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادین.

**٢. جێگیری پێوەرەكان**

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەكان، سودمان لە جێگیری بە ڕێگای چۆنیەكی نێوخۆیی وەرگرت كە بە ڕێگای ئەلفای كرۆنباخەوە بەدەست دێت. وەكو لە خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕو؛ بەهای ئەلفای كرۆنباخی ڕەهەندەكانی لێهاتویی وانەوتنەوە بریتییە لە: پلاندانان (0.830) و جێبەجێ كردن (0.886) كە بە ئاستێكی زۆر باش لە جێگیری دادەنرێت و ڕەهەندی هەڵسەنگاندن بریتییە لە (0.797) كە بە ئاستێكی باشی جێگیری دادەنرێت و هەروەها بەهای ئەلفای كرۆنباخی پێوەری پاڵنەری فێربون بریتییە لە (0.859) كە بە ئاستێكی زۆرباش لە جێگیری دادەنرێت، وەكو لە خشتەی (7) دەردەكەوێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

خشتەی ژمارە (7)

بەهای ئەلفای کرۆنیاخی پێوەرەکان نیشاندەدات

| | ناونیشانی تەوەر | Cronbach’s Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| شێوازی لێهاتویی وانەوتنەوە | پلاندان | 0.830 | 7 |
| | جێبەجێکردن | 0.886 | 10 |
| | هەڵسەنگاندن | 0.797 | 7 |
| | پاڵنەری فێربوون | 0.859 | 9 |

## 4. 2. تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### ئامانجی یەکەم: دەست نیشانکردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەست نیشان کردنی ئاستی لێهاتویی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زانکۆ و پاڵنەری خوێندن لای خوێندکاران لە روانگەی خوێندکارانەوە، بۆ ئەم مەبەستە سودمان لە تاقیکردنەوەی (t)ی یەك نمونەی ( one sample t-test) وەرگرت کە ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتو لە نمونەکە بەراورد دەکات بە ناوەندی گریمانەیی. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لێهاتویی وانەوتنەوە: وەکو خشتەی (8) نیشانی دەدات لە ڕەهەندی پلاندانان و جێبەجێ کردندا ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئامارییان لەگەڵ یەکتر نییە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٤٩)، هەروەها بەها (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە ئاستی پلاندانان و جێبەجێ کردنی لەلایەن مامۆستایانەوە لە ئاستی ناوەند دایە. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەهەندی هەڵسەنگاندن، ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە (19.95) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی (27). ئەم جیاوازییەش لەڕوی ئامارییەوە بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.001<0.05) و هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو (3.366) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (8).

٢. پاڵنەری فێربون: وەکو لە خشتەی (8) دەردەکەوێت؛ ناوەندی ژمێرەیی پاڵنەری فێربون (28.56) بڕی (1.56) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەی (٢٧)، ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی کە بەها (t) دەرهێنراو (3.648) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (8) و هەروەها (P-Value=0.000<0.05).

خشتەی ژمارە (8)

ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازیی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای t | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلاندانان | 20.85 | 21 | 0.15 | 5.527 | 0.435 | 0.664 |
| جێبەجێ کردن | 29.72 | 30 | 0.28 | 7.732 | 0.581 | 0.562 |
| هەڵسەنگاندن | 19.95 | 21 | 1.05 | 4.923 | 3.366 | 0.001 |
| پاڵنەری فێربون | 28.56 | 27 | 1.56 | 6.745 | 3.648 | 0.000 |

N=250 df= 249

### ئامانجی دووەم: دیاری کردنی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئاستی گۆڕاوەکان لای نمونەی توێژینەوەکە

بەمەبەستی دەستنیشان کردنی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا، سودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرتووە،کە وەکو لە خشتەی (9) دەردەکەوێت:

١. پلاندانان: لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم گۆڕاوەی توێژینەوەکەدا، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەدی دەکرێت ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value=0.000<0.05) بە نمرەی ئازادی (248). هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێ کە ناوەندی ژمێرەییان (22.98) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (19.17).

٢. جێبەجێ کردن: سەبارەت بە جێبەجێ کردن؛ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەدی دەکرێت ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (3.201) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.972) و هەروەها (P-Value=0.002<0.05) بە نمرەی ئازادی (248). هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر کە ناوەندی ژمێرەییان (31.08) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (27.98).

٣. هەڵسەنگاندن: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.134<0.05).

٤. پاڵنەری خوێندن: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت؛ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەدی دەکرێت، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (2.192) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.972) و هەروەها (P-Value=0.029<0.05) بە نمرەی ئازادی (248). هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر کە ناوەندی ژمێرەییان (29.38) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (27.51).

خشتەی ژمارە (9)

جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نیشاندەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پلان | نێر | 140 | 19.17 | 3.810 | 5.404 | 0.000 | 5.812 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 110 | 22.98 | | 4.933 | | | | |
| جێبەجێکردن | نێر | 140 | 31.08 | 3.097 | 8.336 | 0.002 | 3.201 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 110 | 27.98 | | 6.522 | | | | |
| هەڵسەنگاندن | نێر | 140 | 19.54 | 0.946 | 4.817 | 0.134 | 1.504 | 1.972 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 110 | 20.48 | | 5.028 | | | | |
| پاڵنەری خوێندن | نێر | 140 | 29.38 | 1.869 | 7.280 | 0.029 | 2.192 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 110 | 27.51 | | 5.862 | | | | |

**ئامانجی سێیەم: دەستنیشان کردنی کاریگەریی لێهاتویی وانەوتنەوە لەسەر پاڵنەری خوێندن ئامانجی**

سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشان کردنی پەیوەندیی نێوان لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستا بە پاڵنەری فێربون لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە. بە مەبەستی تێگەیشتنی ورد لە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ (لێهاتویی وانەوتنەوە) و پاڵنەری فێربون گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکەیە، بە سود وەرگرتن مۆدیل سازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) کە بە پرۆگرامی (AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ کراوە کاریگەریی هەر یەك لە ڕەهەندەکانی لێهاتویی وانەوتنەوەکان (پلاندانان، جێبەجێ کردن و هەڵسەنگاندن) لەسەر پاڵنەری فێربون تاوتوێکرا (بڕوانە وێنەی 2). مۆدیل سازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەران دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیۆنییەکان جێبەجێ (ڕەزا و ئەحمەد،٢٠١٩: ٢٣٠). و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەستنیشان بکات (Saeed and Others,2023: 42). وەکو لە خشتەی (10) دەردەکەوێت:

١. پلاندانان کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.160) لادانی پێوەری لەسەر پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران هەیە. جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە پلاندانان لای مامۆستا، بڕی (0.160) لادانی پێوەری پاڵنەری فێربون لای خوێندکار زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە پلاندانان لای مامۆستا، بڕی (0.160) لادانی پێوەری کەمبونەوە لە پاڵنەری فێربون دروست دەبێت.

٢. جێبەجێ کردن بڕی (0.178) لادانی پێوەری کاریگەریی لەسەر پاڵنەری فێربون هەیە، ئەم کاریگەرییە بەڵگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.044<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە جێبەجێ کردنی (0.178) لادانی پێوەری بەرزبونەوە لە پاڵنەری فێربون ڕودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٣. هەڵسەنگاندن کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە جۆری ڕاستەوانە بە بڕی (0.444) لادانی پێوەری لەسەر پاڵنەری فێربون هەیە (P-Value=0.000<0.05). بەمپێیە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە هەڵسەنگاندن بڕی (0.444) لادانی پێوەری زیادبوون لە پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی ژمارە (10)

کاریگەریی ڕەهەندەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لەسەر پاڵنەری فێربون نیشاندەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەریی | P-Value |
|---|---|---|
| پلاندانان ---> پاڵنەری فێربون | 0.160 | 0.025 |
| جێبەجێ کردن ---> پاڵنەری فێربون | 0.178 | 0.044 |
| هەڵسەنگاندن ---> پاڵنەری فێربون | 0.444 | 0.000 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265




وێنەی (2): کارتێکەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتو نیشاندەدات

به مەبەستی تێگەیشتن لە ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، مۆدێلی توێژینەوەکەمان لەسەر دو گروپی نێر و مێ دابەش کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێکرد کە وەکو لە خشتەی ژمارە (11) دەردەکەوێت:

١. لە هێڵی ڕێگرسیۆنی پلاندانان لەسەر پاڵنەری فێربون: جیاوازییەکی بەڵگەداری ئامارییی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەها (z-score=0.648) کە بەڵگەدار نییە لە ئاستی (0.05).

٢. لە هێڵی ڕێگرسیۆنی جێبەجێ کردن لەسەر پاڵنەی فێربون: جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەها (z-score=3.225) کە بەڵگەدارە لە ئاستی (0.05). بە چەشنێك کە جێبەجێ کردن کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر ڕەگەزی نێر نییە (P-Value=0.577) بەڵام ئەم کاریگەرییە لای ڕەگەزی مێ بەڵگەدارە (P-Value=0.001) و بڕی کاریگەرییەکە بریتییە لە (0.983) لە جۆری ڕاستەوانە.

٣. لە هێڵی ڕێگرسیۆنی هەڵسەنگاندن لەسەر پاڵنەری فێربون: جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەها (z-score=3.084) کە بەڵگەدارە لە ئاستی (0.05). ئەم کاریگەرییە لای ڕەگەزی نێر بەڵگەدارە بە چەشنێك کە (P-Value=0.002) و بڕی کاریگەرییەکەی بریتییە لە (0.574) بەشێوەیەکی ڕاستەوانە، بەڵام لای ڕەگەزی مێ بەڵگەدار نییە (P-Value=0.438).

خشتەی ژمارە (11)

جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نیشاندەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەریی | P-Value | بڕی کاریگەریی | P-Value | |
| پاڵنەری فێربون--->پلاندانان | 0.229 | 0.137 | 0.122 | 0.034 | 0.648 |
| پاڵنەری فێربون--->جێبەجێ کردن | -0.086 | 0.477 | 0.983 | 0.001 | 3.225*** |
| پاڵنەری فێربون--->هەڵسەنگاندن | 0.574 | 0.002 | -0.071 | 0.438 | 3.084*** |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

## 5. ئەنجام و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان:

### 5 .1. ئەنجام:

1- لێهاتوییەکانی مامۆستایانی زانکۆ بەڵگەداریی ئامارییە و ئاستێکی بەرزی هەیە.

2- ئاستی پاڵنەری فێربون بەڵگەداریی ئامارییە.

3- پەیوەندی لە نێوان ڕەهەندەکانی لێهاتوییەکانی مامۆستا و پاڵنەری فێربون هەیە.

### 5 .1. ڕاسپاردەکان

١- پێویستە ڕاگرایەتی فاکەڵتیی هەوڵبدەن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ خوێندن و فێرکردن، بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بە باشی پرۆسەی فێرکردن ئەنجام بدات.

٢- پێویستە مامۆستایانی زانکۆ گرینگی بە لێهاتوییەکان بدەن و بەکاریبهێنن لە وانەکاندا لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆییدا.

٣– پێویستە مامۆستایانی زانکۆ هەوڵبدەن بۆ گرنگیدان بە چالاکییەکانی ناوپۆل لەلایەن مامۆستایانەوەو خوێندکار دەوری سەرەکی ببینێت لە ناو پۆلداو گرنگی دان بە خوێندکاران و دروستکردنی پاڵنەر بۆ فێربون لەناوپۆلدا.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

٤- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کەم و کوورییەکان و دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکاری بۆ ئەوەی ئاستی خوێندن لە ئاستی خوێندنی زانکۆییدا بێت و مامۆستا بتوانێت بە توانایەکی بەرز و پلانی تۆکمەوە پرۆسەی فێرکردن بەڕێوەببات.

## 2.5. پێشنیارەکان

١ – ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە وەك ئەم توێژینەوەیە بە پێی قۆناغی خوێندن و تەمەن.

٢ – توێژینەوەیەکی هاوشێوە بکرێت لەسەر نمونەیەکی زیاتر کە گشت فاکەڵتییەکانی تێدابێت و زانکۆکان هەمو بگرێتەوە.

## سەرچاوەکان


بۆکانی, سابیر بەکر مصطفی. 2020. میتۆدی توێژینەوەی زانستی. سلێمانی، هەرێمی کوردستان: چاپ و بڵاوکراوەی چوار چرا.

تەلعەت، ئاری. 2022. بیردۆزی پاڵنەری مرۆیی سەبارەت بە پێویستیە بنەڕەتیەکان. چاپی یەکەم. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، کوردستان: چاپخانەی مێخەك.

حمد, گوڵاڵە سەلام. 2020. ئاستی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربوون و بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە لای خوێندکارانی ئامادەیی لەشاری کۆیە.

حمدامین, رەمەزان. 2016. پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

حمدامین, رەمەزان. 2014. ڕێگاو شێوازی تیۆری و پراکتیکیەکانی وانە وتنەوە. چاپی یەکەم. چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.

رسول, ابراهیم. 2017. پێوانەوهەڵسەنگاندنی پەروەردەیی. هەولیر: دەزگای چاپ وپەخشی نارین.

البطش، محمد وليد، أبو زينه، فريد كامل. 2007. مناهج البحث العلمي تصحيح البحث والتحليل الإحصائيات. عمان : دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

أميل فهمي شنودة. 1980. أساسيات في الإرشاد والتوجيه النفسي والتربوي. الكويت: مكتبة الفلاح.

يوسف قطامي. 2010. علم النفس التربوي النظرية والتطبيق. ط1. الأردن: دار وائل للنشر.

عبدالله كامل. 2007. علم النفس العربي. الأردن: دار الشرق.

كاسر نمر المنصور. 2000. نظرية القرارات الإدارية. ط1. عمان: دار مكتبة الحامد للنشر والتوزيع.

إبراهيم ناصر. 1994. التربية الوطنية. عمان: مكتبة الرائد العلمية.

احسان علي. 2011. البحث تدريسي عناصره ومناهج إدارتة. عنزة: مطبعة مقداد.

احمد عودة. 2002. القياس والتقويم فى العملية التدريسية. اربد,الأردن: دار الامل للنشر والتوزيع.

الحسن اللحية. 2010. كتاب كفايات المدرس (ة) المهنية ومرجع الكفايات. دار النشر المعارف.

العتوم، عدنان يوسف و علاونة، شفيق فلاح و الجراح، عبد الناصر ذياب و أبوغزال، معاوية محمود. 2006. علم النفس التربوي النظرية والتطبيق. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.

الندوة الإقليمية العربية. 2000. التعليم القائم على الجودة: تكامل المهارات الإجتماعية والسلوكية في البرامج المدرسية. بيروت، لبنان: مكتب اليونسكو الإقليمي.

أنور محمد الشرقاوى. 2012. التَعلّمْ نظريات و تطبيقات. مصر: مكتبة الأنجلو المصرية.

جرادات عزت، و أخرون. 2008. التدريس الفعال. ط 4. عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

حبون و كيني، والف و راليف، هوارد هاموند. 2000. الخيارات الذكية. القاهرة: الجمعية المصرية للنشر المعرفة.

حسن علي مشرقي. 1997. نظرية القرارات الإدارية. عمان: دار المعبرة للنشر والتوزيع.

حميد مجدي محمد و داود ماهر. 1991. أساسيات في طرائق التدريس العامة. الموصل، العراق: دار الحكمة للنشر والطباعة.

خالد عبداللطيف عمران. 2012. تقنيات الدراسات الاجتماعية و تعلمها فى عصر المعلومات. ط1 . عمان: مؤسسة العراق.

سعيد التل، واخرون . 1983. المرجع فى مبادئ التربية طبعة الاولى. الاردن.

شريك ويزة. 2017. الثقة بالنفس وعلاقتها بدافعية التعلم لدي عينة من تلاميذ السنة الأولى ثانوي دراسة ميدانية بولاية البويرة. مجلة الجامعة في الدراسات النفسية و العلوم التربوية.

شهرزاد محمد موسى. 2010. القدرة على اتخاذ القرار وعلاقتها بمركز الخيط. عمان: دار صناء للنشر والتوزيع.

عادل ابوالخضر سلامة. 2009. طرائق التدريس العامة معالجة تطبيقية معاصرة. ط1 . عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.

عبدالغني مالك. 2005. سيكولوجيا القرار. الأردن: دار الضياء للنشر.

عدنان يوسف و علاونة، شفيق فلاح و الجراح، عبد الناصر ذياب و أبوغزال، معاوية محمود العتوم. 2006. علم النفس التربوي النظرية والتطبيق. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.

على الراشد. 2005. كفايات الاداء التدريسي. ط1. القاهرة: دار الفكر العربي.

عمر محمد الخرابشة. 2008. درجة ممارسة طالبات كلية الأميرة عالية الجامعية بجامعة البلقاء التطبيقية للقيم التربوية. عمان.

فايز دندش، و الامين ابوبكر. 2003. دليل التربية العلمية و اعداد المعلمين. الاسكندرية: دار الوفاء اللطباعة والنشر.

قاسم مطر خاليدى. 2021. القياس والتقويم. البصرة: جامعة بصرة، كلية التربية.

كمال فرحاوي. 2019. "تقويم الكفايات التدريسية لدى أساتذة السنة الأولى من التعليم الثانوي." أفكار وآفاق 225-239.

محمد الدريج. 2004. التدريس الهادف : من نموذج التدريس بالأهداف إلى نموذج التدريس بالكفايات. الإمارات: دار الكتاب الجامعي.

—. 2004. التدريس الهادف من نموذج التدريس بالاهداف الى نموذج التدريس بالكفايات. الامارات: دار الكتاب الجامعي.

محمد أمين موسى. 1998. الإدارة التعلمية، أصولها وتطبقاتها. القاهرة: عالم الكتب.

محمد فرحان القضاه،، و محمد عوض الترتوري. 2006. أساسيات علم النفس التربوي النضرية والتطبيق. عمان: دارالحامد للنشر والتوزيع.

ميرفق على، و السايح محمد جفافة. 2008. المدخل الى طرائق التدريس التربية التحضيرية. ط1. الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا للطباعة و النشر.

هادي طوالبة وآخرون. 2010. طرائق التدريس. ط1 . عمان: دارالمسيرة للنشر والتوزيع.

وليم عبيد. 2009. استراتيجيات التعليم و التعلم. ط1. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

عبداللطيف عمار شريف. 1993. أنماط إتخاذ القرارات في الأجهزة المركزية بالإدارة العامة بالأردن. " دراسة ميدانية". رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الأردنية، الأردن.

أنيس سلمان علي. 1992. شخصية المدير وأثرها في اتخاذ القرار. كلية الإدارة ولإقتصاد، جامعة المستنصرية، رسالة ماجستير غير منشورة.

مليكى إيمان. 2016. أهمية العصف الذهني في تنمية التفكير الإبداعي. دراسة تجريبية: مركز نداء الجزار للتكوين الصناعي والتأهيل المؤسساتي والتدريب القيادي وتطوير الموارد البشرية – بسكرة، رسالة ماجستير- غير منشورة، كلية العلوم الإقتصادية والتجارية و علوم التسيير، جامعة محمد خيضر.

عبدالرحان الزهراني. 2008. أساليب التفكير وعلاقتها باتخاذ القرار. (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة أم القرى، مكة، سعودية.

وزارة التربية والتعليم (2003) الإطار العام للمناهج والتقديم، المملكة الأردنية، إدارة المناهج والكتب المدرسية.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265